# پرۆگرامی پارتی گەل تایبەت بە یەکێتی ئەوروپا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا لە 20 ی مایس/مای هەتا 7 ی حوزەیران/یونی

پارتی گەل یەکەم پارتی بوو کە هەلوێستی خۆی بۆ پشتگیری بە ئەندامبوونی سوید لە یەکێتی ئەوروپادا دەرخست و ئێمەش لەو کاتەوە لایەنگیری هاوکاریی ئەوروپیمان کردوە. ئێمە بڕوامان بە ئەوروپایە.

## 1. بەڵێ بۆ ئەوروپا

هاوکاری لە ئەوروپادا سوید دەوڵەمەنتر دەکات، دەوروبەرمان ئاسوودەتر دەکات و توانای ئەوەشمان دەبێت کە گیروگرفتەکانی بەزاندنی سنوورەکان چارەسەر بکەین. ئاشتی و دەوروبەر و ژینگەی باشتر و ئاسوودەیی و گەشەکردنی ئابووری باشتر بەجێ دەهێنین لە ڕێگەی هاوکاریکردن لەگەل یەکێتی ئەوروپادا.

ئێستا وا قەیرانی ئابووری بەرەوڕووی هەموو ئەوروپا بۆتەوە. بۆ وڵاتێکی وەکو سوید کە کەلوپەل و شت دەنێرێتە دەرەوە ئێجگار گرنگە کە بازرگانی و هاوکاری لەناو وڵاتەکانی ئەوروپادا بە باشی بەڕێوە بچێت. پارتی گەڵ دەڵێ بەڵێ بۆ دراوی یۆرۆ. دەڵێ بەڵێ بۆ زیاتر هاوکاریکردن لە ڕێگەی هانینە کایەی خواردەمەنێکی واوە کە جێی متمانە بێت و لێی دڵنیا بین. و هەروەها دەلێین بەڵێ بۆ (FBI) یەکی ئەوروپی بۆ بەربەرەکانیکردن و بەگژداچوونی تاوانکاریی گەورە.

## 2. تاوانکردن سنووری بۆ نیە. بەڵێ بۆ (FBI) یەکی ئەوروپی

ئەو تاوانکارییانەی کە لە زۆر لە وڵاتە جیاوازەکان لق و پۆپی تەشەنە دەکات گیروگرفتێکە هەتا بێت هەم لە سوید و هەم لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا زیاتر دەبێت و تەشەنە دەکات. بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە/کۆیلەکریی و فرۆشیی، قاچاخچێتیکردن بە ماددەی نارکۆتیك/بێهۆشکارەکانەوە و تێرۆریزم وێنەی ئەو تاوانکارییە نێودەوڵەتیانەن کە بە شێوە و شێوازی مافیاییانە بەڕێوە دەبرێن. داخستنی سنوورەکانیش جێگرەوە/ ئەلتەرناتیڤ نین.

لەجیاتی ئەوە دەبێ پۆلیس، گومرگ و پارێزگەرە گشتییەکان لەناو وڵاتانی ئەندامدا دەسەڵات و توانای زۆرتر و گەورەتریان بخرێتە بەر دەست بۆ هاوکاریکردن و گۆڕینەوەی زانیاری بەسەر سنوورەکاندا.

بۆیە ئێمە پێویستمان بە پۆلیسی ئەوروپی هاوبەش هەیە کە دەسەڵاتێکی زۆرتری هەبێت.

## 3. ئێمە خواردنێکی وامان دەوێت جێی متمانە بێت و لێی دڵنیا بین

هەموو هاووڵاتیەك دەبێ بتوانێت خۆی بڕیاری خۆی بدات بەلای کەمەوە لەسەر مەسەلەی خواردەمەنی خۆی. ئەمرۆ زنجیرەیەکی درێژ کەوتۆتە نێوان کێڵگەکان و گەوڕ و شوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵ و نێوان دوکانەکانەوە.

بۆ ئەوەی ئێمە بزانین چی دەخۆین و ئەوەی دەیخۆین چی تیایە مەرج ئەوەیە کە زانیاری لەسەر ناوەڕۆك و پێکهاتەی خواردەمەنیەکان لەسەر هەموو پێچراوەی خواردەمەنیەکان بە ڕوونی بنووسرێت. ئەم پرینسیپە شتێکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە. ئەوەی کە لە پاکەت و پێچراوەکەدایە ئەبێ لەسەر پاکەتەکە نووسرابێت. ئەوەش کە لەسەر پاکەتەکە نووسراوە دەبێ لە پاکەت یان پێچراوەکەدا هەبێت. نە زیاد و نە کەم.

بۆیە یەکێتی ئەوروپا دەبێ کونترۆڵ لەسەر خواردەمەنیەکان توند و تیژ بکات.

## 4. بەڵێ بۆ دراوی یۆرۆ

پارتی گەل بڕوای بە جیهانێکی کراوەترە کە بازرگانی و هاوکاری ئابووری زیاتر تیا بێت. دراوی یۆرۆش بەشێکی گرنگی ئەو هاوکاریە ئەوروپاییەیە. ئەم ڕاستیەش بەلای کەمەوە لەقەیرانە داراییەکەی پایزی ساڵی 2008 دا دەرکەوت. لەجیاتی واتەوات و دەنگۆ و مەزەندەکردن و قەیرانی دراو وڵاتەکانی ئەوروپا هاوکاریان کرد بۆسەقامگیرکردنەوەی باری بازارەکانی جیهان.

بو هاووولاتیانی ئاسایی یۆرو مانای سەقامگیری زیاترە بۆ باری سوودی قەرزی خانووبەرە و نرخێکی گۆڕینەوەی دراوی جێگیر و وەستاو بۆ سەفەرکردن و هانینە ژوورەوەی شت و کەلوپەل بۆ ناو وڵات دەگەیەنن.

بۆ کۆمپانیاکانیش یۆرو مانای بازارێکی فراوانتر و نادڵیاییەکی کەمتر دەگەیەنێت لەکاتی سەرمایەگوزاری و پارەخستنەگەڕەوە. دراوێکی هاوبەش وا دەکات کە بە ئاسانتر بتوانرێت بەراوردی نرخەکان بکرێت. چونکی بەربەرەکانی وکێبڕکێ زیاتر دەبێ و ئەوەش دەتوانێت نرخەکان نزم بکاتەوە.

بۆیە ئیتر کاتی ئەوە هاتوە کە سوید بەکارهێنانی دراوی یۆرۆ بهێنێتە کایەوە.

## 5. دیئۆکسیدی کاربۆن سنووری بۆ نیە. وزەی ئەتۆمی با هەر بمێنێت

بناغەی کۆنترۆڵکردنی سیاسەتی کەش و ئاووهەوا دەبێ هاوکاری نێودەوڵەتی و ئامرازی جلەوگرتنی ئابووری بێت. دەبێ ئەو کەسانەی کە زیاتر غازی "خانووی شووشەیی" بەر دەدەنە ناو ژینگەوە بە پارە زیاتریان لەسەر بکەوێت. یەکێتی ئەوروپا دەبێ ببێتە هێزێکی/وزەیەکی هەڵسووڕاندنی وا کە ئەوە بسەلمێنێ و نیشانی بدات کە دەتوانرێت هەم گەشەکردنێکی ئابووری باش و هەم کەمتر پۆخڵەرشتن و دووکەڵبەرەڵاکردن پێکەوە و شان بەشان لەگەڵ یەکدا کونترۆڵ و جێبەجێ بکرێن.

وزەی ئەتۆمی سەرچاوەیەکی پاکە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بێ ئەوەی پۆخڵەرشتن و دووکەڵبەرەڵاکردنی لێبکەوێتەوە و کاریگەرِی "خانووی شووشەیی" هەبێت. چونکی بێ ئەوەش مەحاڵە کە پیاو بتوانێت بگاتە ئەو ئامانجە بەرزانەی کە بۆ پاکیراگرتنی کەش و ئاووهەوا دانراون. بۆیە سوید و وڵاتە ئەندامەکانی تری ناو یەکێتی ئەوروپا پێویستیان بە دروستکردن و بنیاتنانی بنکەی نوێ و مۆدێرن هەیە بۆ پیتاندن و لێکجوداکردنەوەی ئەتۆمیی کە جێگەی بنکە کۆنەکان بگرنەوە.

پارتی گەل مەترسی تێکچوونی کەش و ئاووهەوا بە جیددی وەردەگرێت. بۆیە ئێمە دەمانەوێت وزەی ئەتۆمی هەر بمێنێت.